هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت ؛ هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت ؛ هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئیمانی کامڵ نایەتە دی هەتاوەکو مسوڵمان ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت ؛ لە پەرستنەکان وخێر وچاکەکانی دونیا ودواڕۆژ، وئەوەی بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی ناخۆش بێت، بۆیە ئەگەر بینی براکەی کەمتەرخە لە ئایندایدا؛ پێویستە کۆشش بکات بۆ چاککردنەوەی، وئەگەر بینی لەسەر خێر وچاکەیە پێویستیە یارمەتی بدات وپشتیوانی بکات، وئاموژگاری بکات لە بابەتەکانی ئاین ودونیادا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4717